لاهور شێخ جەنگی: نەمانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی هاوڵاتیانی کوردستان بکەین



لاهور شێخ جەنگی سەرکی بەرەی گەل لەپەیامکدا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە بانگەوازك بۆ کۆبونەوەی کەسی یەکەمی لایەنەکان رادەگەیەنێت نەمانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی هاوڵاتیانی کوردستان بکەین.

لاهور شێخ جەنگی لەپەیامکدا بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە باویکردەوە، "پیرۆزبایی جەژن لەکاتکدا دەکەم بەداخەوە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە بارودۆخکی قورس و قەیرناویدا تێدەپەڕن، بۆ متمانەیی خەڵك بە سیاسییەکان لەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ڕۆژ بەڕۆژ لەهەڵکشانداینەو دڵنیانەبون لەداهاتوی ڕەکانیان شەو ڕۆژ لەزهنیاندا دەزرنگێتەوە".

راشیگەیاندوە، "هاوڵاتیانی خۆشەویست، من وەکو لاهور شێخ جەنگی کە ڕۆژك لەڕۆژان بەرپرسیارێتیم هەبوە لەم هەرێمەدا مافی ئەوەتان پێدەدەم نیگەرانبن لەهەموان، چونکە بەداخەوە وایلهاتوە بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە جگە لەقسەی بکردار و یەکترشکاندن لەمیدیاکانەوە نەمانتوانیوە وەکو پێویست خزمەتی هاوڵاتیانی کوردستان بکەین".

لاهور شێخ جەنگی دەشڵت، "دۆخی ئێستای کوردستان بە جۆرکە بەهۆی ناکۆکی لایەنەکانەوە نە

پەرلەمانی هەیە ببێتە شوێنی کێکەرەوەی هەمو لایەنەکان و نوێنەرایەتی خەڵك بکات، نەک حکومەتی هەڵبژێردراوی هەیە، نوێنەرانی کوردیش لە بەغدا یەك دەنگ و یەك بڕیار نین، هەمو ئەمانە وایکردوە خەڵکی کوردستان نوێنەرایەتی راستەقینەی نەبێت و هەر لایەنە و بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی باس لە دۆخی کوردستان بکات".

باسی لەوەشکردوە، "سەرباری لەخنەکانمان، گەلانکاری و کاردانەوەکان خۆران و کار گەیشتوەتە برسیکردنی خەڵکی کوردستان و پێناەدانی مافە دارایەکانیان، هەربۆیە وەك بەرپرسیارێتی سەر شانمان لە پێناو تێکنەچونی زیاتری بارودۆخی هەرێمی کوردستان و گەلانەوەی هیوا بە خەڵکی خۆمان، بانگەوازێك بۆ کۆبونەوەی کەسی یەکەمی هەمو ئەو لایەنانەی دەکەم کە کورسیان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە و خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن بەرامبەر خەڵك و ئایندەی ئەم هەرێمە".

لاهور شێخ جەنگی ئەوەشی رونکردێتەوە، "بۆ کۆبونەوەکە داواکارم لایەنەکان لەئاستی کەسی یەکەمیاندا بەشداربن بە پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە کە واپۆیستە کاك مەسعود خۆی بەشداربێت و سەردانی سلێمانی بکات، با جارێکیش بڕیاری چارەنوسساز لە سلێمانییەوە بدرێت، باشترە کۆبونەوەکە لە بارەگای هیچ لایەنێك نەبێت بەڵکو لە شوێنکی تایبەت بکرێت".

هەر لەبارەی دەستپێشخەریەکەیەوە، لاهور شێخ جەنگی دەڵێت، "کەسی یەکەمی لایەنەکان هەرچی هەیانە بەڵاشکاوی بەرامبەر یەکتری بیڵێن ئەگەر دەیانەوێت گفتوگۆیەکی بەرهەمدار بکەن دەبێت لە قاچاخچێتی و داهاتی نەوتی و نانەوتییەوە تا دەگاتە بەهەدەردانی سەروەتی ژێرخان و سەرخانی ئەم وڵاتە لەو باسی بکەن، رێگە چارەش بخەنەرو، تا چیتر لە رێگەی میدیاکانەوە برینەکان قوڵتر نەکەینەوە و هاوڵاتیانی کوردستان بۆ ئومێدتر نەکەین".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "رەنگە هەندێك لایەن ئەم بانگەوازەیان لاسەیربێت و وەڵامکی پڕپڵیستی بدەنەوە و بڵێن بەشدارنابین، بەڵام لایەنە سیاسییەکان ئەگەر دور لە موزایەدەی سیاسی قسەی جدی و چارەسەریان لایە با لە کۆبونەوەکەدا ئازایانە دەستبخەنە سەر برینەکان و هەرچی لە بەرژەوەندی خەڵك بو بیڵێن، نەك لە میدیاکانەوە بەبۆ ئەوەی ئەنجامی هەبێت یەکتری تەخوین دەکەن و خەڵکیش بۆ هیوا دەکەن".

لاهور شێخ جەنگی ئەوەشی راگەیاندوە، "داواکارم لە سەنگەی بەرپرسیارێتییانەوە کەسی یەکەمی هەمو لایەنەکان ئامادەیی خۆیان بۆ کۆبونەوەیەکی فراوان رابگەیەنن، تاوەکو هاوڵاتیان بزانن و ببینن لایەنەکان بەرژەوەندی حزبی خۆیان وەلا ناوەو بەرژەوەندی خەڵك و کوردستانیان خستوەتە سەرو هەمو شتکەوە، لە ئەگەری بەدەمەوە نەهاتنی ئەم بانگەوازەمان، پێشنیازی دیکە دەخەینەرو کە هەر لایەنکی سیاسی بیەوێت دەتوانین

پێکەوەی دەستەیەک پێکبهێنین و سەردانی لایەنە سیاسییەکانی بەغدا بکەین".